# تاوانكاری (خەزرەجی)
# لەوتەكانی عەلی كیمیاییدا

**ئاكۆ محەممەد**

شێوەو ناوی نەزار خەزرەجی وەك ناوو شێوەو ناوی زۆر تاوانكارو دەستبەخوێنی دیكە بەهۆی شەریكە بەشیو بەرپرسیارێتیان لەهۆڤیانەترین و بێ وێنەترین تاوانەكانی كوردكوژیدا، هەمیشە لەخەیاڵ و نەست و یادی مرۆڤی كورددا شوێنیان داكوتاوە. ئەو كاتەی گازی كیمیایی دەكرایە سەر گەل و وڵاتی ئێمەو ٢٥٠ هەزار مرۆڤی كورد زیندەبەچاڵ و ئەنفال دەكرا نەزار خەزرەجی یەكێك بوو لەوانەی بەشداریو سەرپەرشتی لەو كردەوانەدا دەكردو بەرزترین پلەی مەیدانیو فەرماندەیی سەربازیی لەكوردستاندا هەبوو،و بەرسینگ و بەژن و قەدو باڵای پڕ دەكرا لەنیشانەو میدالییە ئازاییە سەددامیە كوردكوژییەكان. ئەو كاتەی كورد شینی دەگێڕا ئەو بەشاگەشكەییو دەم بەپێكەنین و (شكراً یاسیدی) لەگەڵ سەددامی دیكتاتۆردا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەكەوتە بەرچاوی ئێمەی كورد. لەبەر ئەوە هەر تاوانكارێكی وەك خەزرەجی، ئەگەر خەزرەجی ئاساش لەنێو ئاپۆرای ئەوروپادا ناوی خۆیان بگۆڕن و خۆیشیان بشارنەوە ئەوا هەر دەدۆزرێنەوەو دەناسرێنەوە لەلای كورد.

ئەو دۆزینەوەو بەپۆلیس ناساندنەو سكاڵا لێكردنەی خەزرەجی چەندە بۆ كورد جێگەی دڵخۆشیبوو هێندەو بگرە زێتریش بۆ هێندێ لایەن و كەسایەتی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عێراقی جێگەی دڵتەنگیو شێت و هاربوون بوو لەو رۆڵە وڵاتپارێزە پەنابەرانەی گەلەكەمان كە هەڵمەتی ناساندن و بەدادگادانی خەزرەجی تاوانباریان رێكخست،و بەهەموو

شێوەیەك هەوڵیان داوەو دەدەن كە خەزرەجی وەك مرۆڤێكی رابردوو پاك و بێ تاوان و بەبنەماڵە شۆڕشگێڕ بەكوردو رای گشتی بدەنە قبوڵ كـردن. بـەڵام هـەروەكو هاوكارمـان عـەبدوڵڵا قرگـەیی (لـەژمارە ١١٢ی میدیـای عەرەبیدا) نووسیبووی: بێ ئەوەی باسی ئەوە بكەن كـە خـەزرەجی هـەر لەساڵی ١٩٦٣وە بەربووەتە كوشتنی شۆڕشگێڕان و خەڵكی سڤیلی عێراق و كوردستـان، خـەزرەجی لەسـاڵی ١٩٦٣ ئەفسـەرو مولازمێكـی حـەرس قەومییە دڕندەكانبوو و لەیانەی وەرزشی ئەعزەمییە سەرپەرشتی گرتن و ئەشكەنجەدانی دەیان كۆمۆنیسـتی عێراقی دەكرد.

لـەدوای كودەتـای تـەممووزی ١٩٦٨یـش بـەگوێرەی دڵسـۆزییە بـێ سنوورەكەی بۆ سەددام و فەرمانە مرۆڤكوژیو كوردقڕێنـەكانی، پلە بەپلە بەسـەر خـراوە تـاوەكو گەیشـتۆتە گـەورەترین پلـەی سـەربازی لـەدوای سەددام، پلەی ئەندامی فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكان و سـەرۆكی ئەركانی سوپای عێراق.

هەروا پشتیوانەكانی خـەزرەجی ئـەوەش ناڵێن كـە خـەزرەجی چـەندە بەكـەڵكی رژێمـی داگیركـەرو كوردكوژەكـەی سـەددام هـاتووە لـەكاتی (هەڵمەتـەكانی ئـەنفال)دا،و عـەلی كیمیـایی چـەندە پەسـنی (رۆڵ و ئازایەتییەكـەی دەدات لـەو هەڵمـەت و سـاتەوەختە چارەنووس سـازانەی عێراق دا)، عەلی كیمیایی لەدانیشـتەكانی (نووسـینگەی بـاكوور) لـە ٢١و ١٩٨٩/١٢/٢٢دا كە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵمەتەكانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا دەربارەی فـەرماندە بەشدارو رۆڵ گێڕەكانی ئەو هەڵمەتـە دەڵـێ:

( مـاوەی نێـوان ئـابی ١٩٨٧و نیسـانی ١٩٨٨ مەترسـیدارترین قۆناخـە هەرەشەدارەكانی عێراق بوو، هەلوێستی ئێمە زۆر پڕ مەترسـی بـوو كـارێكی پـڕ مەترسیمان لەبەرەی سـەربازییدا دەستپێكرد لـەماوەی نێوان ١٨ی شـوبات و ٤ی ئەیلولی ١٩٨٨. هەموو سەركردە یەك لەدوای یەكەكانی گـارد "فیلـق"ی یەكـەم و پێنجەم، ژەنەرال نەزار خەزرەجیو سوڵتان هاشم لەگاردی یەكـەم و تـالع دوری و

**شەهید حەدیسیو محەممەد فارس و ئەیاد لەگاردی پێنجەم، هەموو ئەوانەی نـاوم هێنان فەرماندە بوونە لەباکووری عێراق خزمەتیان کردووە هەر لەو کاتەوەی کـە مولازەمی یەکەم بوونــە، تــالع دوریـش کونـترین بەعسـیبووە لـەنێویاندا** ) هـەر لەوێشدا عەلی کیمیایی باسی ئەوە دەکات کە چۆن بەبەشداری ئەو گاردو فەرماندانە نەخشەی (هێلـی سـور)یـان دژی پێشـمەرگە جێبـەجێکردووەو چۆن سەدان خێزانی کوردی بەشوفل زیندەبەچال کردوون (بڕوانە لاپـەڕە ٥١٦و ٥١٦ی پەرتووکی ڕێکخراوی Middle East Watch بەزمانی عەرەبی: التطهير العرقي بحق الكورد في العراق).

بـەبێ هیـچ شـەك و گومـانێك سـەرکەوتنی هــەوڵی دادگـاییکردنی خـەزرەجی تاوانبـار دەروازەی دادگـاییکردنی کوردکـوژە داگیرکـەرەکانی کــورد دەکاتــەوەو، بەشــێوەیەکی رەسمــیو دیکۆمێنتیــش گــەورەیی چەوساوەیی کوردو تاوانباری داگیرکـەرانی کوردستان ڕووبەڕووی دەزگا رەسمیو نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە. بۆیەش هەرچی زووە پێویستە پارت و ڕێکخــراوە کوردســتانییەکان بەهەڵوێســتێکی راشــکاوانەو ئاشــکرا پشتیوانی لەهەوڵە گەلێرییە نێوخۆییو دەرەوەیو هەڵوێستی رۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات بکەن کە لـەپێناو دادگاییکردنی نـەزار خـەزرەجی تاوانبـار دەخـەبتن. چونکـە بــەهیچ شـێوەیەك پاسـاوی ئـەوە نـاکرێ بیانییـەکان ئامــادەی دادگــاییکردنی تاوانبارانمــان بــن و ئێمــەش بەدوورەپــەرێزیو بێدەنگی دابنیشین. ئەوە دەروازەیەکە داخستن و فراوانکردنەکەی لەسەر هەڵوێستی ئێمە وەستاوە.